ناڕەزایەتیەکان دژ بە( کۆماری ئیسلامی سێدارە ) بەردەوامە.




ڕژێمی تاوانکاری ئێران، وە ک پیشەی هەمیشەیی و ماهێتە نەگریس و شە رنگێزێتیەکەی تەنها وەڵامێک کە بیزانێت ئاگرباران و گولە بارنکردن و لە سێدارەدانە بۆ ئازادی خوازانی گەلی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات. ڕژێمی ئێرانی خوێنڕێژ لە دوای ئە و تاوانەی کە کردی بەرامبەر بە فەرزادی کەمانگەرو چوار هاوڕێکە ی، کوردە کان و فارسە ئازادی خوازە کان و باقی ئازادیخواز و دیموکراتخواز لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا و کوردستاندا بە توندی ئەو تاوانە ڕەتدەکەنەوە و ڕسوا و مە حکومی دکە ەن. بەشێک لە و ناڕەزایەتیانە کوردەکانی وڵاتی نە رویج ئەمڕۆ پێی هەستان و سەدان کورد لەبەردەمی پەرلامانی نەرویج و وەزارەتی دەرەوی نەرویج دا کۆبوونەوە، هە ر لە و خۆپیشاندانە شدا نامە یەک ئاراستە ی حکومە تی نە رویج کرا بۆ ئاگادارکردنەوەیان و داواکردن لێیان کە بە فەرمی ئە م تاوانە ی ڕژێمی ئێران ئیدانە و مەحکومبکەن و هە وڵبدەن بە بڕیارێکی نێونە تەوەیی کۆتای بکە ن، زۆربەی زۆر ی حیزب و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بە شداریان کرد و پە یام و هە ڵویستی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی سێدارە(مامۆستا شێرکۆ بێکە س ووتەنی) ڕاگەیاند. ناوەندی چاک، بە شداری کرد و پە یامی خۆی خوێندەوە، لە خوارەوە پەیامی ناوەندی چاک و هەندێک لەو وێنانەی خۆپیشاندانەکە ببین.

شایەنی ووتنە مامۆستا (جەعفەر حامدی ) وەک کەسایەتیەکی ناو کوردە کانی نەرویج، بە ناوی هەموو خۆپیشاندەرانەوە ڕایگەیاند کە لەمەو دوا رژێمی خوێنڕێژی ئێران بە ( کۆماری ئیسلامی سێدارە) ناوزەد دەکرێت. هەڵبەت ئەوەش دوای ئەوەی کە مامۆستا شێرکۆ بێکەس بۆ ڕەتدانەوەی ڕژێمی ئێرانی، ئەم ناوەی نا لە و ڕژێمەی کە هەمیشە بە لە سێدارەدان وەڵامی ئازادی خوازان




دەداتەوە.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

دەنگی ئازادی و سەربەخۆیی بە لەسێدارەدان و گولەبارانکردن کپناکرێت.

دەنگە نارەزایەتیەکان دژ بە ڕەگەزپەرستی و ملهوڕێتی حوکمی تۆتالیتاری لە هەرچ جێگە و ناوچەو وڵاتێکدا ، تەنها یە ک ئامانجی هەیە، ئە ویش سە روەری مرۆڤ و ئازادیە کانێتی. زۆر دەمێکە جوانترین و گە شەواترین و پیرۆزترین ئە نجامگیرییەک، کە مرۆڤەکانی ژێر دە ستی حوکمی تیرۆریستان و ڕەگەزپەرستان و کۆنەپەرستەکان پێی گەیشتون، ئازادیە،ئازدیە بە هەموو ماناکانی، بە مانای ئازادی تاکەکان، ئازادی دەنگ، ئازادی نوسین، ئازادی هە ڵبژاردن، ئازادی دین و ئاین و دیسان ئازادی بێ دینی و بێ ئاینی، ئازادی ئایدۆلۆژی ودید و بۆچوون و هە روەها ئازدی و سەربەخۆیی هەر نەتەوە و میللەت و گەلێک کە بخوازێت خۆی بۆ خۆی حوکمی خۆیبکات و چارەنوسی خۆی بە دەست خۆیەوە بێت و خۆی ژیانی پاشە رۆژی خۆی دیارییبکات . ئەمەش بە پێی ئەو بنە ما و پرنیسیپە ئەخلاقیە مرۆییانەی کە کەس بۆی نیە بە هیچ یاساو ڕێسایە کی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری حوکمی هیچ کە س و نە تەوە و گەلێکی تر بکات. هەربۆیەش لە جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤدا ئەو یاسایە جێگیر بووە و دانراوە بەوەی کە هەموو نەتەوەیەک مافی ڕە وای خۆیە تی مافی چارە نوسی خۆی دیار یبکات. بەڵام ئە و حوک ومەتە فاشی و ڕەگەزپەرست و دڕندانەی کە بە خوێنڕشتن و پاکتاوکردنی کەمەنەتەوییەکان و لەناوبردنی گروپ و قە وارە بچوکەکانی کۆمە ڵانی خە ڵک، خۆیان سە پاندوە و حوکمێکی ناشە رعی و نامرۆیی و نادیموکرات و ناعەدالەتیان بۆ خۆیان دروستکردوە، وەک حوکومەتەکەی سەدامی فاشی لە ناوچوو و تورکیای ڕە گەزپەرست و حکومەتی مەلاکانی ئێرانی خۆێنڕێژ و بەعسیەکانی سوریا، بەردەوام کولتوری توندوتیژی خۆ یان درێژە پێدەدەن بەرامبەر بە دەنگی ڕەوای هەر نەتەوەو هەر تاکێک کە داوای ئازادی و سەربەستی بکات. لەبەرئەوەی باش دەزانن کە ئازادی و سەربەخۆیی تاک و نەتەوەکان، دواییهێنانە بە حوکمی ڕەگەزپەرستیان.

بۆیە ڕژێمی ڕە گەزپەرست و خوێنڕێژی ئێران هەمیشە بە ئاگر وئاسن وە ڵامی ئازادی خوازانی گەلی کوردی داواتە وە، چونکە لە هەگبەی فە لسەفەی دێرزە مانیانەوە هەر ئە وەندەیان پێیە پێشکەشیکەن بە مرۆڤایەتی.

با ئاخوندە کانی ئێران دڵنیابن، تا سە ر ئە م حوکمە ناشەرعیەیان بۆ ناچێتە سەر. بە لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ناتوانن ئەم گەلە نەبەزە بێدەنگ بکەن.

چەند پشتیوانیان بە هێز بێت بە حوکومەت و هێزە کۆنسەرڤاتیڤەکانی دنیا، چە ند پشتیوانیان بە هێزبێت بە هێزی عەسکەرتاریان، بە هێزی ئابوریان، بە هێزی کۆنەپەرستانەی دەوروپشتیان، بە هێزە کەپیتالیزمەکانی جیهان، ناتوانن هێزی ئازادی و سە ربەخۆیی و دە نگی بە رزی ڕۆڵە

قارەمانەکانی گەلی کورد تێکبشکێنن . ڕاستە دەتوانن فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێکانی لە سێدارە بدەن، بەڵام ناتوانن دەنگی ئازادی و نا بۆ حوکمی ڕاگەزپەرستی لە سێدارە بدەن.

سڵاو لە گیان پاکی فە رزاد کە مانگەر و هاوڕێکانی، سە رشۆری بۆ حوکمی ڕە گەزپەرستی ئاخوندەکانی ئێران.

ناوەندی چاک، کۆمیتەی نەرویج.

14.4.2010